# بەرەی گۆڕان کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی پێکدێنێ و دامەزراندنی خۆی ڕادەگەیەنێ






کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی ڕۆژی ١٠-١٠-٢٠٠٦ لە هۆتێل هەورامان لە شاری هەولێر پێتەختی باشووری کوردستان، دەستەی کارگێڕی بەرەی گۆڕان، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی پێکهێناو بە فەرمی دامەزراندنی بەرەی گۆڕانی وەک بەرەیەکی ئۆپۆزیسیۆن ڕاگەیاند ، لەو کۆنگرەیەدا ژمارەیەکی زۆر لە پەیامنێرانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستان و دەرەوە ئامادەببوون، سەرەتا ڕێکار ئەحمەد هەواڵنێرانی بەخێرهێناو هەواڵی دامەزراندنی پێڕاگەیاندن، دواتر شوکروڵڵا حەمەدەمین بەیاننامەی دامەزراندنی بەرەی گۆڕانی خوێندەوە، دواتر هەواڵنێران و پەیامنێرانی دەزگاکانی ڕاگەیاند پرسیارەکانی خۆیان لێکردن. هەریەکە لە ڕێکار ئەحمەد و شوکروڵڵا حەمەدەمین و هەڤاڵ حەمرین بە نۆرە وەڵامی پرسیارەکانیان دەدایەوە. کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکە زیاتر لە کاتژمێرێکی خایاند. بەم شێوەیە بەرەی گۆڕان بە فەرمی خۆی ڕاگەیاند.

شیاوی باسە بەرەی گۆڕان لە حزبی ڕزگاریی کوردستان و پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان و کۆمەڵێک کەسایەتی سەربەخۆ پێلکهاتووە.

لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکەدا ئامادەبووان دووپاتیان لەسەر ئەوە کردەوە کە دەرگەی بەرەی گۆڕان بۆ لایەنەکانی دەرەوەی دەستەڵات ئەوانەی باوەڕیان بە خەباتی دیموکراسیانەو جارنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ هەیە، کربە کراوەیی دەمێنێتەوە.

لە لایەکی دیکەوە، ڕۆژی ١١-١٠-٢٠٠٦ دەستەی کارگێڕی بەرەی گۆڕان لەیەکەمین کۆبوونەوەی خۆیدا ڕێکار ئەحمەدی وەک سەرۆکی کاتی بەرە دەستنیشان کرد. ئەوەی شیاوی باسە هەر چوار مانگ جارێک دەستەی کارگێڕی لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆیدا سەرۆکێک هەڵدەبژێرێ.

## بەیاننامەی دامەزراندنی بەرەی گۆڕان

**(لە پێناو ژیانێکی باشترو دەستاودەستکردنی دەسەڵاتدا)**

کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان..
جەماوەری ستەم دیدەو بەشمەینەت..

لای هەمووان ئاشکرایە کە تا ئێستا ژیانی سیاسی لە کۆمەڵگەی کوردەواری ڕەوشی ئاسایی خۆی وەرنەگرتووە، ئەمەش زەرەرو زیانێکی گەورەی بە کۆمەڵگەی کوردستان گەیاندووە، بەو هۆیەوە بۆ ڕاستەڕێکردنی ژیانی سیاسی وادەخوازێ کە ئەوانەی فەرمانڕەوایی دەکەن و ئەوانەی لە دەرەوەی دەسەڵات دان چالاکانە بۆ بەرەوپێشەوەبردنی دۆزی گەلەکەمان شانبەشان و هاوتەریبانە تێبکۆشن.

ئەمڕۆ لە کاتێکدا ڕەوشی باشووری کوردستان ڕوو لە ئاسایی بوونەوەیە، کۆمەڵگەی کوردەواری گەشبینانە لەئاسۆی داهاتووی خۆی دەڕوانێ و دەخوازێ زەمینەسازی بۆ دیموکراسی بکرێ و بنەماکانی دیموکراسی لە ژیانی ڕۆژانەو پیادەکردنی سیاسەت ڕەنگ بداتەوە، لە هەمانکاتدا هەوڵ و کۆششی دەوڵەتان و هێزە دیموکراسیخوازەکانی ناوچەکەو جیها بۆ دیموکراتیزەکردنی ڕۆژهەڵاتی ناقین لە ڕۆژەڤ دایەو لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیانەدا ئێمە (بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان، پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان، حزبی ڕزگاریی کوردستان و کۆمەڵێک کەسایەتی سەربەخۆ) مژدەی دامەزراندنی بەرەی گۆڕان، وەک بەرەیەکی ئۆپۆزیسیۆن بۆ چاودێریکردنی کارەکانی حکومەت، بۆ ڕێبەرایەتی کردنی خواست و داخوازیەکانی جەماوەر، بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستیەکانی کۆمەڵگە، بە هەموو لایەک ڕادەگەیەنین.

پەیامی بەرەی گۆڕان داکۆکیکردن لە داخوازیەکانی جەماوەر، هەروەها بۆ چارەسەرکردنی قەیرانە جۆراوجۆرەکان، بۆ ئاشکراکردنی گەندەڵیەکان و بۆ دابینکردنی ژیانێکی باشتر شێلگیرانە تێدەکۆشێ، لە قاودانی دیاردە ناحەزو دزێوەکان بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێ.

بەرەی گۆڕان بەگوێرەی یاساو لە چوارچێوەی یاسادا دەستاودەست کردنی دەسەڵات بەمەرجی سەرخستنی سیستەمی دیموکراسی و پرۆسەی دیموکراتیزەکردن دادەنێ، لەم پێوەندیەدا کاروخەباتی خۆی بۆ چەسپاندنی دیموکراسی و مسۆگەرکردنی مافەکانی گەل چڕدەکاتەوە، ئەویش لە پاراستنی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ، ئازادی ڕۆژنامەگەری، ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی ڕامان و قسەکردن، ئازادی وەدەست هێنانی زانیاریەکان بەرجەستە دەبێ.

بەرەی گۆڕان باوەڕی تەواوی بە بنەماکانی دیموکراسی و جارنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ هەیە، بوونی هێزی ئۆپۆزیسیۆنی پۆزەتیڤ و کارا بەسەنەدی سەرخستنی دیموکراسی و پێشکەوتنی کۆمەڵگە لێکدەداتەوە، لەم سۆنگەیەوە کارو خەباتی خۆی بەشێوازی ئاشتیانەو دیموکراسیانە درێژە پێدەدات.

بەرەی گۆڕان، بەرەی جەماوەری گەلی کوردستانە، دەرگەی بۆ تەواوی لایەنەکانی دەرەوەی دەسەڵات، بۆ ڕۆشنبیران و کەسایەتیە سەربەخۆکان، ئەوانەی باوەڕیان بە خەباتی دیموکراسیانەو دەستاودەست کردنی دەسەڵات هەیە، کراوەیە.

بەرەی گۆڕان لە کاتێکدا چاودێری کارەکانی حکومەت دەکات و لەبەرانبەر کێماسی و هاوێرکاری و کەمتەرخەمیەکاندا ڕەخنە دەگرێ و دەنگی نارازیی بەرزدەکاتەوە، لە هەمانکاتدا لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانیەکاندا، ئەوانەی لەبەرژەوەندی گشتی دان هاوڕایی و هاوهەڵوێستی لەگەڵ دەسەڵات و لایەنە سیاسیەکانی دیکەدا دەکات، هەر لەم سۆنگەیەوە تەبایی و وەکهەڤی و یەکڕیزی پەلەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان بە پێش مەرجی سەرکەوتنی دۆزی ڕەوای نیشتمان دەناسێ و لێبڕاوانە بۆی تێدەکۆشێ.

**بەڵێ بۆ گۆڕان..**
**بەڵێ بۆ پێشکەوتن...**

**ئەنجوومەنی بەرەی گۆڕان**

**١٠-١٠-٢٠٠٦**

## ئاڵای کوردستان دەکرێ بە ئامانج

**ئاکۆ مەجید**

هەواڵەکان ڕایانگەیاند کە تیپێکی زرێپۆشی شکری تورکیا لە مەشقێکی سەربازی خۆیدا لە چیای گاباری ناوچەی جزیرە کە زیاتر لە ٢٠ تانک و سەدان سەرباز تێیدا بەشدار ببوون، ئاڵای کوردستانیان لەسەر تەختەی ئامانجەکان دانابوو، دەستریژیان لێدەکردن.

لەشکری تورکیا لەو مانۆڕەدا دەیویست ورەی سەربازانی خۆی بەرز بکاتەوە و وایان تێبگەیەنێ کە ئەوان ڕیگە نادەن ئاڵای کوردستان ( ڕەنگی سوور ، زەرد و سەوز) لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بشەکێتەوە. ئەم مانۆڕەی لەشکری تورک ئەگەرچی هیچ زیانێک بە ئاڵای کوردستان ناگەیەنێ، بەڵام دوژمنایەتی و ڕەگەزپەرستی و ڕق و قینی ئەو لەشکرە بەرانبەر بە نەتەوەیەکی زیندووی ناوچەکە ئاشکرا دەکات. ئەگەر جەنگاوەرانی ئەو نەتەوەیە لە کۆتایی یەکەمین جەنگی جیهان هاوکاری لەشکری مستەفا کەمالیان نەکردبووایە، لەوانەیە ئەمڕۆ دەوڵەتێک لە جیهاندا بە ناوی تورکیا بوونی نەدەبوو. مێژوو گەواهی دەدات کە مستەفا کەمال بەهاوکاری جەنگاوەرانی کورد توانی بەرگری لە وڵاتەکەی خۆی بکات و لەشکری یۆنان بشکێنێ و ئەستەنبۆل و شوێنەکانی دیکەیان لەدەست دەربێنێتەوە.

لە سەرەتای سەدەی ڕابردوو، سەرۆک و سەرکردەکانی کورد لە ڕوانگەی برای ئاینی هاوکاری لەشکری تورکیایان کرد و لە ڕوانگەی ئایینی و دراوسێتیەوە ڕیگریان لە پیشڕەوی لەشکری غەیرە دینان کرد و شارەکانی تورکیایان پاراست. ئەوان نەیاندەزانی کە تورکەکان فریویان دەدەن و دوایش لە بەڵێن و پەیمانەکانیان دەرهەق بە کورد پەشیمان دەبنەوە. ئەوان نەیاندەزانی کە بەدرێژایی ٩٠ ساڵی تەواو نەوەی ئەو تورکانە شەری لەنێوبردن دژ بە نەتەوەی کورد درێژە پێدەدەن و دەستڕێژیش لە ئاڵای نەتەوەکەیان دەکەن .تورکیا پێی خۆش بێ یان پێی ناخۆش بێ ، ئێستا ئاڵای کوردستان لەسەر دامودەزگاکانی باشووری کوردستان بەرز کراوەتەوە، دەشەکێتەوە. هەزاران هەزار کەس ئامادەن لە پێناو بەرزراگرتنی ئەو ئاڵایە گیانی خۆیان پێشکەش بە گەل و نیشتمانەکەیان بکەن. ئەمڕۆ ئاڵای کوردستان بە فەرمی لەلایەن ڕێکخراوی ئاڵای نەتەوەکانەوە ناسێندراوە. حکومەت و دەوڵەتانی جیهان ڕێزی لێدەگرن و لە ژێر ئەو ئاڵایەدا ڕادەوەستن و قسە بۆ ڕۆژنامەوانان دەکەن. چەند ڕۆژ لەمەوبەر کاتێ کۆندۆلیزا ڕایسی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا هاتە کوردستان ، لە ژێر ئەو ئاڵایەدا شان بەشانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەبەردەم نوێنەرانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ڕاوەستا و وەڵامی هەواڵنێرانی دایەوە.

ئاڵای کوردستان لە دەروازەی سنووردا لەبەرانبەر ئاڵای تورکیا دا بەرزکراوەتەوە، شاندەکانی تورکیا کە دێنە کوردستان، دەبێ لەژێر ئاڵای کوردستانەوە تێپەڕ بن. ئەمەش نیشانەی باوەڕبەخۆبوونی نەتەوەی کورد لەبەرانبەر دیترانبدا دەردەخات. وەک دەڵێن : ئەگەر گەلێک ڕابێتەوە و داوای ژیان بکات، هیچ هێزێکی دونیا ناتوانێ ڕیگری لە هەڵسانەوەیدا بکات. خۆشبەختانە ئەمڕۆ نەتەوەی کورد هەڵساوەتەوە. تەواوی کوردستانیان شانازی بە ئاڵای وڵاتەکەیان دەکەن و وەک بیلبیلەی چاوانیان دەیپارێزن.

لەم پێوەندیەدا جێگەی بەبیر هێنانەوەیە کە چەند ساڵێک لەمەوبەر هەندێ لاوی خوێنگەرمی کوردستان لە ڕێپێوانەکانیاندا ئاگریان لە ئاڵای تورکیا بەردا، دەوڵەتی تورکیا نارەزایی دەربڕی و داوای لە کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان کرد کە لێپرسینەوە لەو مەسەلەیە بکەن و ئەوانەی ئاڵای تورکیان سووتاندووە، سزا بدەن. پاساوی ئەوان بۆ ئەو کارە ئەوەبوو کە ئاڵا هێمای سەروەری و شەرفی نەتەوەیی ئەوانە و دەبێ ڕێزی لێبگیرێ. ئێستاش کە ئەوان خۆیان ئاڵای کوردستان دەکەن بە ئامانج و تەقەی پێوە دەنێن، دەبێ دەستەڵاتدارانی کوردستان بە فەرمی نارەزایی لە بەرانبەر ئەوان دەربڕن و داوای ڕوونکردنەوەیان لێ بکەن، چونکە دەستڕێژی کردن لە ئاڵای نەتەوەیەک، سووکایەتی پێکردن بەو نەتەوەیە دەگەیەنێ، نابێ دەستەڵاتدارانی کوردستان ئەمە پەسند بکەن.

## ئۆرهان پاموک خەڵاتی نۆبێل وەردەگرێ

**ڕۆژی گەل**



نووسەری ناوداری تورک ئۆرهان پاموک کە دۆستێکی نزیکی نەتەوەی کوردە و چالاکڤانێکی بواری دیموکراسیە خەڵاتی نۆبێلی وێژەیی ئەمساڵی وەرگرت. ئەکادیمیای پاشایەتی وڵاتی سوید خەڵاتی وێژەیی ساڵی ٢٠٠٦ی بە ئۆرهان پاموک دا ، بەم شێوەیە ئەو نزیکەی یەک ملیۆن و سەد هەزار یۆرۆ وەردەگرێ. ئەو لە لایەن دەستەڵاتدارانی وڵاتەکەیەوە لەبەر ڕاستویژی دادگەیی دەکراو دەخرایە زیندانەوە، کەچی جیهانیان پێشوازی لە نووسینەکانیدا دەکەن. لێرەدا دووفاقەیی و ناڕاستی سیاسەتی دەوڵەتی تورک ڕاشکاوانە بەدیار دەکەوێ.

بەخشینی خەڵاتی وێژەیی نۆبێلی ئەمساڵ بەو نووسەرە لێکدانەوەی زۆر هەڵدەگرێ، لەلایەکەوە وەڵامی ئەو بۆچوونەی تورکە ڕەگەزپەرستەکان پوچەڵ دەکاتەوە کە دەڵێن: ئەوروپا بەکەم سەیری نەتەوەی تورک دەکات، لە لایەکی دیکەشەوە مەزنێتی ئەو مرۆڤە پێشان بە جیهانیان دەدات کەڕاشکاوانە باس لە درندایەتی سوپای تورک دەکات و بە قڕکردنی ئەرمەنیەکان و کوشتاری کورد تاوانباریان دەکات .

ئۆرهان پاموک لەو باوەڕەدایە کە تورک زیاتر لە یەک ملیۆن ئەرمەنیان کوشتووە. ڕاستویژی و بوێری و لە خۆبردوویی ئەو نووسەرە جێگە سەرنجی سیاسەتمەدارانی جیهانە و خەڵاتی نۆبێلی وێژەیی بە شیاوی ئەو دەزانن، ئەو کاتێ ئەو هەواڵەی بیست لە ئەمریکابوو،لەڕێگەی تەلەفۆنەوە بە ڕۆژنامەی داگ بلادیتی سویدی گوت: بەو خەڵاتە خۆشحاڵ و سەربڵندە.

ئۆرهان پاموک لەکاتێکدا خەڵاتی نۆبێلی وێژەیی پێدەبەخشرێ کە دەوڵەتی تورکیا پەلەقاژەی باوەشی یەکێتی ئەوروپا دەکات،کەچی ڕووبەڕووی گەورەترین گوشاری وڵاتانی ئەوروپا دەبێتەوە. پەرلەمانی فەرەنسا بە ١٠٦ ئەرێ لەبەرانبەر ١٩ دەنگی نەرێ کۆمەڵکوژی ئەرمەنیانی پەسند کرد کە ساڵی ١٩١٥ سوپای تورک ئەنجامی دابوو.

بەگوێرەی بڕیارەکەی پەرلەمانی فەرەنسا ئەوەی کوشتاری ئەرمەنیەکان بە دەستی تورکانەوە پەسند نەکات وەکو ئەوە وایە کە قڕکردنی جوولەکەکان ڕەت دەکاتەوە. ئەو ڕەتکردنەوەیەش وەک سوچ و تاوان پێوانە دەکرێ.

بڕیارەکەی پەرلەمانی فەرەنسا، دەوڵەتی تورکیای دووچاری هستریا کردووە، لە کاردانەوەیەکی توونددا دەستەڵاتدارانی تورکیا سوزیان داوە کە ئەوانیش کوشتاری جەزائیریەکان بە دەستی فەرەنسیەکانەوە بخەنە ڕۆژەڤ و بڕیارێکی هاوشێوە وەردەگرن.

دەوڵەتانی ئەوروپا کارتی دیکەیان هەیە تا گوشارەکانی خۆیان چڕتر بکەنەوە. سووتاندنی زیاتر لە ٣٠٠٠ گوندی کوردان، پێڕۆکردنی سیاسەتی نکۆڵیکردن و لە بێنبردنی نەتەوەی کورد، پێشێلکاریەکانی مافی مروڤ و دەست تێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچەکە و لەشکرکێشی بۆ باکووری قوبرس.

دەوڵەتی تورکیا خۆی لە ڕەوشێکی سەخت دەبینێتەوە، تەواوی گوشارەکان لەسەر ئەوە چڕبوونەتەوە کە دەبێ دەوڵەتی تورک هەبوونی نەتەوەکانی دیکە لە تورکیا بە فەرمی بناسێنێ و ڕیگە بە پەیڕەوانی ئایینەکانی دیکە بدات کە ڕێورەسمی ئایینی خۆیان بە ئاشکرا بەڕێوەببەن. هاوکات لەگەڵ گوشارە نێودەوڵەتیەکان شارەوانی شارەکانی باکووری کوردستان ( کوردستانی لکێنراو بە تورکیا) یەک دەنگ باس لە بە فەرمی ناسینی زمانی کوردی دەکەن و بڕیاریان داوە کە هەردوو زمانی تورکی و کوردی وەک دوو زمانی فەرمی دەکار بکەن. گیانی دەمارگیری ڕیگە بە دەستەڵاتدارانی تورکیا نادات کە سەردەمانە لە کێشەکانی ناوەخۆ و دەرەکی بڕوانن، ئەوان ڕەگەزپەرستانە بیر دەکەنەوە، دەیانەوێ لۆژیکی خۆسەپاندن و ڕەتکردنەوەی بەرانبەر درێژەپێبدەن، سەردەمەکەش تێیان دەگەیەنێ کە ئیدی ئەو لۆژیکە ئێکسپایەر بووە. جیهانبینی و جیهانگیری پەسندکردنی بەرانبەر دەخوازێ، دەوڵەت و حکومەتەکان لەمەوبەدوا ناتوانن بە پێچەوانەی ئاراستەی ڕەوتی جیهانگیریەوە هەنگاو هەڵبگرنەوە.

ئۆرهان پاموک و دەستەڵاتدارانی ئەنکارا ئەندامی یەک نەتەوەن، بەڵام لێکدانەوەی جیاواز و ڕامانی جیاوازیان هەیە. پاموک باوەڕی بە دیموکراسی و مافی نەتەوەکان و مافی مرۆڤ هەیە، ڕاستیەکان پەسند دەکات، بەمەش ویژدانی خۆی ئاسوودە دەکات و لە جیهانیشداا سەرفراز و شکۆمەند دەناسرێ، بەڵام دەستەڵاتدارانی ئەنکارا چونکە نکۆڵی لە هەبوونی نەتەوەکانی ناو تورکیا دەکەن، باوەڕیان بە دیموکراسی نیە و سیاسەتی لەنێوبردن درێژە پێدەدەن و ڕاستیە مێژووییەکان ڕەت دەکەنەوە، لەبەچاوی ئازادیخوازانی تورکیا و تەواوی جیهانیان بێزراون، لەبەرانبەر مێژووش ڕیسواو سەرشۆڕ دەمێننەوە.